# پێشـــــــــــەكی

بەناوی خودای هەمـــــــــوو بوونەوەر

دروود و سڵاو لەسەر پێغەمبـــــــــەر

زمـــــــــان نیعمەتی خوای پەروەردگارە

ژمارەی زۆرە مەڵـــێ چــــەند زارە

هەمـــــــــــوو زمانێ بۆ خۆی جیاوازە

زۆر وشەی تیایە كە بۆ خۆی شـــازە

ئەو زمانەیـــــە كەوا بـــــــــــــڵاوە

لە لای زۆر خەڵكــــــــــی دوا كراوە

زمان عەرەبــــــــــــی كە زۆر شرینە

چونكە هۆكاری تەفسیری دینـــــــە

زمانێك نیە ئەمـــــــــــــــرۆ لە جیهان

بگاتە ئاستی پڕ بە وشەی جـــــوان

بۆیە مـــــــن هەستام کـــــردم ئەم کارە

تاوەکو فێربین وشــــــەی ئەم زارە

بە هـــــــــۆنراوەیە عەرەبی کــــــوردی

نەڵێ یەکەم کەس مامــــۆستا کردی

شێخ مەعـــــــــروف نۆدێ ئەو کەڵەپیاوە

ئەحمەدی دانا کە زۆر بــــــــــڵاوە

شوێن پێ ی ئەو پیاوەم هەڵگرت لەم کارە

پێشەنگم دانا مـــــــن لەو دوو زارە

جیـــــــــاوازی پێشەنگ لەگەڵ ئەحمەدی

لە چەند شتێکدا تۆ دەیکـەی بەدی

یەك وشەو مانا هێناومە لێـــــــــــــرە

کە ئەلێم ( أسد ) بەس ئەمـە شێرە

لەناو عەرەبـــــــــــــــی ئەم ناوە باوە

ناوەکان دیکەم هەمـــــــوو لاداوە

هەولیشـــــــــــــــم داوە وشەیەك بێنم

کە زۆر پێویست بۆ بەکاری بێنـــــم

تەنیا لەم کارە من هیوام وایـــــــــــــە

کەوا بە سوود بێ نە چێ بە زایـــە

گومانیش نی یـــــــــە کاری زۆر تەواو

بێ کەم و کوڕی نابینی بە چـــــاو

بخـــــــــــوێنەو هەولّدە تا فێربی زمان

نووسەری پێشەنك مامۆستا سیروان

٢١ / ٧ / ٢٠٠٩ سێ شەممە